# لەدوو رووداوی جیادا
# دوو هاوڕێمان لەدەستدا



رۆژی 18ی حوزەیران لەکاتێکدا کە هاوڕێ **تەیب ئیحسان** لەگەڵ هاوڕێیەکیدا بەناوی ئەبو غەسان بەسەیارە لەڕێگەی نێوان شرگات- موصل تێپەڕدەبن، دەستەیەکی چەتە هەردوکیان دەکوژنو سەیارەیەکەیان دەبەنو 3 رۆژ دوای ئەم رووداوە تەرمەکانیان لەلایەن کەسوکاریانەوە لە توب عەدلی موصل دەدۆزرێتەوە.

هاوڕێ تەیب کادرێکی چالاکی حزب بوو لەشاری موصل. ئەو لەناوەڕاستی هەشتاکانەوە بە "رەوتی کۆمۆنیست"ەوە پەیوەست بوو، یەکێك بوو لە بانگەوازکەرانی پێکهێنانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق لەساڵی 1993دا. یەکێك بوو لە هەڵسووڕاوانی دژی حکومەتی بەعس کە بەکاری نهێنی لە هەوڵی فراوانکردنەوەی ڕێکخستنەکانی حزبدا بوو لەشاری موصل. لەدوای روخانی حکومەتی بەعسەوە ئیتر کاروچالاکی ئاشکرای دەستپێکردو یەکێك بوو لە دامەزرێنەرانی یەکێتی بێکارانو یەکێتی شوراو نەقابە کرێکارییەکان لەشاری موصل. هەروەها چالاکانە لەدامەزراندنی لقی موصلی کۆنگرەی ئازادی عێراقدا بەشداری کرد. یەکێك بوو لە نوێنەرانی کۆنگرەی دووەمی یەکێتی شوراو نەقابە کرێکارییەکان کە لە رۆژی 10ی نیسانی ئەمساڵ لەشاری بەغدا بەرپاکرا. هەروەها یەکێك بوو لە بەشداربووانی کۆنگرەی سێیەمی حزب کە لەناوەڕاستی نیسانی ئەمساڵدا لەشاری بەغدا بەرپار کرا.

بە لەدەستدانی هاوڕێ تەیب حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق کادرێکی چالاکی خۆی لەدەستدا کە هەموو ژیانو توانا و وزەی خۆی لەپێناوی سۆسیالیزمو دنیایەکی باشتردا تەرخان کردبوو.



هاوڕێ **صابر خەسرەو**، ئەندامی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق، کە لە ڕێکخستنی عەسکەری حزبدا لەشاری کەرکوك ڕیکخرابوو، لە کاتی نۆبەی حەراسەتی خۆیدا، لەرۆژی 2005/6/26دا فیشەکێکی لەدەست دەردەچێتو بەم شێوەیە گیانی لەدەست دەدات. بەم ڕوداوە دڵ تەزێنە ریزی عەسکەری حزبو ڕێکخستنەکانی حزب لە شاری کەرکوك ئەندامێکی چالاکی خۆیان لەدەستدا. ڕیکخراوی کوردستانی حزب، سەرەخۆشی لە خێزانو کەسو کارو هاوڕێی گیان بەختکردوو دەکاتو پەیمانی خۆیشی نوێ دەکاتەوە، بۆ درێژە دان بە ڕێگای هاوڕێ صابرو تەواوی گیان بەختکردوانی ڕیگای ئازادیو سوشیالیزم تا بەدیهێنانی ئاواتو ئامانجە ئینسانییەکانیان.

بەرزو بەرێزبێت یادی ئازیزی هاوڕێیان تەیب ئیحسانو صابر خەسرەو.